
# عەبدولاَّمحمود: ئەگەر بڕیار بێت دیبلۆماسیەت بیباتەوە، هێزی پێویستە، ئەوەی لەهەمووان بەهێزترە و خەڵك و شەقام لەگەڵیەتی، لە دیبلۆماسیەتیشدا براوەیە.

ئا: ئاسۆ



بەهۆی بونی چەکدارانی پارتی کرێکارانی کوردستان لە ناوچوسنورییەکانی هەرێمی کوردستان ،ماوەی مانگێك زیاترە قەیرانێك کەوتۆتەنێوان سنوری هەرێمی کوردستان و ولاَّتی تورکیا هەڕەشەی لەشکرکێشی سوپای تورك، بۆسەر هەرێمی کوردستان ،نێوەندی سیاسی ناوچەی و نێودەوڵەتیش بەخۆیەوە سەرقاڵ کردوە تێکڕای نیوەندە سیاسیەکانی جیهان داوا لە هەرێمی کوردستان و تورکیا دەکەن کە بەشیوەیەکی سیاسیو دوور لەبکار هێنانی چەك کێشەکانیان چارەسەر بکەن و ڕێگاچارەی دبلۆماسی بۆکێشەکان بکەن ڕیگەرچارەی سەرەتاو کۆتای . بارودۆخەکەش ئەوەی لیَ چاەڕوان دەکرێت کە ئەم قەیرانە بەڕێگا چارە ئاشتی چارەسەر کرێت . ئەوەی کەئێستا لەنێوەندی سیاسیو ڕۆژنامەوانی دە بێتە پرسیارو موشتومڕێکی گەرم درووست دەکات ،ئایا سەر کردایەتی کوردستان دەتوانێت لەڕێگایی دبلۆماسیو گفتو گۆی سیاسیەوە دۆخەکە بەقازانجی هەرێمی کوردستان بەرێت یان بەپێچەوانەوە کورد لەم ململانێیەدا توشی شکست دەبیت ئەمە ئەو پرسیارەیە کەپێویستە شرۆڤەبکرێت . عەبدولاَّمحمود لە پارتی کۆمۆنیستی کرێکاری لە هەمبەر ئەم پرسەوە بەم شێوەیە بۆچونی خۆی دەخاتە ڕوو .



*ئالاَّ:دیبلۆماسیەتی کوردیی تاچەند توانیویەتی لەم قۆناخەدا بەر بەهەوڵەکانی تورك بگرێت بۆ لەشکرکێشی کردنە سەر هەرێمی کوردستان و پوچەڵکردنەوەی پلانی تورکەکان .*

**عبداللەمەحمود: بەسوپاسەوە، ڕاستیەکەی دیبلۆماسیەتی سەرکردایەتی دەسەڵات بەدەستی ئێستای کوردستان لەم کێشمەکێشەی ناوچەکەی بەخۆیەوە سەرقاڵکردووە، نەیتوانیوە سەکەوتوبێت. سەرنەکەوتنی هەوڵە دیبلۆماسیەکانیشیان لەوێوە نییە کە کەم گرنگیان بە مەیدانی دیبلۆماسی داوە، یان لەوبوارەدا ناکاران و شارەزاییان کەمە، بەڵکە هۆکارەکەی ئەوەیە**

**كە ڕێگەی دیبلۆماسی کراوەتە قیبلەنوماو تاکە ڕێگە بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەو مەسەلە هەڵواسراوەکانی کوردستان و بێنەوبەرەی بزوتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و هێزو حزب و دەوڵەتاکانی ناوچەکە. بێگومانیش کاتێك هەوڵی دیبلۆماسی ئەبێتە هەموو شتێك و دائەبڕێت لە هێزی خەڵك یان باشتر بڵێم هێزی خەڵك و ڕەئی خەڵك و ئیرادەی خەڵك بەهەند ناگیرێت، دیبلۆماسیەت بێ هێزی پشتیوان دەمێنێتەوە. و لایەنی بەرامبەریش کە ئەویش دیبلۆماسیەت ئەکات ئەم حەقیقەتی دابرانە دەبینێ.**

**ئەوە کە تورکیا دەستی نەکردووە بەهێزی زەمینی و بەشێوەی بەربڵاو نەهاتۆتە ناوکوردستانەوەو سنورەکانی نەبەزاندووە، تەنها بەبۆردومانکردنی ناوچە سنوریەکان و بارەگاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان و ڕاوەدونانیان ئیکتیفای کردووە، پەیوەندی نییە بەدیبلۆماسیەتی سەرکردایەتی کوردەوە، بەڵکە تورکیا دەیەوێ لە سەرەتادا بەهێزیتر و بەدیاریکراوی لە ڕێگای حکومەتی بەغداو و بە گوشاری ئەوانیش لەسەر یەکیتی و پارتی و حکومەتی هەریم سەرەتا فایلی پارتی کرێکارانی کوردستان دابخات، بارەگاو جموجوڵە سیاسی و چەکدارەکانیان ڕابگرێت و پاشانیش بەنەخشەیەکی ترەوە خۆی بۆ دەستێوەدران لە کوردستانی عێراقی دوای پاشەکشەی ئەمریکا لە عێراقدا سازبکات و سیناریۆکان بەقازانجی خۆی بشکێنێتەوە و وەکو هێزێکی حاشاهەڵنەگرو یاریزانێکی سەر ساحەی سیاسی عێراق مانۆڕ و نمایشی هێز بکات.**

**ئەوەی ئێستا دەبینرێت و ڕەوتی ڕوداوەکانی تیادا دەبرێتە پێشەوە بەقازانجی دەوڵەتی تورکیا تەواو بووە، بەگوشارێك کەلەلایەن ئەمریکاو حکومەتی مالیکیەوە خرایە سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان و سەرکردایەتیەکەی، بارەگاکان و تەواوی جموجوڵە سەربازیەکانی پەکەکە و تەنانەت ئابلۆقەی ئابوری بۆسەریان لەلایەن حکومەتی هەریمی کوردستان بۆ سەر پەکەکەو ەنانەت پارتی چارەسەری کوردستانیش دەستی پێکردووە، لەوەش واوەتر مەسەلەی کەرکوك و مادەی $140$ نەك هەڵواسراوە تەنانەت ئێرانیش داوا دەکات کە تا $2$ساڵی تر ئەم فایلە دابخرێت، پرۆژەی دابەشکردنی عێراق بۆ سێ هەرێمی فیدراڵ پێچرایەوە. هەروەها تورکیا ئێستا زەهنیەتی ڕای گشتی و ناوخۆی لەسەر کێشە و گرفتەکانی ناوخۆی تورکیا گواستۆتەوە سەر سنورەکان و دەرەوەی جغرافیای خۆی، لەگەڵ ئەمریکا ئاشتبونەوەی دەستپێکرد کە ساڵی $2003$ وە بەهۆی ڕێگەنەدان بە هێزەکانی ئەمریکا بەبەکارهینانی خاکی تورکیا بۆ هێرش بۆسەر عێراق، درزی تێکەوتبوو.**

**کاتێك هەموئەمانە ئەبینین دەرئەکەویت کەئەوەی تائیستا براوەیە ڕژیمی قەوم پەرست و شۆفینستی تورکیایە نەك دیبلۆماسیەتی سەرکردایەتی سیاسی کورد. بە پێچەوانەوە لام وایە ئەم دەورەیە پاشەکشەی هەرچی زیاتری دیبلۆماسیەتیان بوو. ماوەیەك بەر لەئێستا سەرۆکی هەرێم رایگەیاند و ووتی ئەگەر تورکیا دەست لەکاروباری کوردستان وەربدات ئەوا ئێمەش حەقمانە دەست لەدیاربەکر وەربدەین. ئێستا پرسیار ئەوەیە کە تورکیا نەك دەستێوەردان، بەڵکە**

بەکردەوە هەڕەشەو بۆمبارانکردن و زەمینە بۆ لەشکر کێشی زەمینی ئامادەکات، ئەم لەفز و هەڕەشە دیبلۆماسیە چی بەسەرهات؟

ڕاستیەکەی ئەوەیە ئەگەر بڕیار بێت دیبلۆماسیەت بیباتەوە، هێزی پێویستە، ئەوەی لەهەمووان بەهێزترە و خەڵك و شەقام لەگەڵیەتی، لە دیبلۆماسیەتیشدا براوەیە.

ئالاّ:دەتوانین بڵێین سەرکردایەتی کوردستان لەم شەڕە سیاسیە سەر کەوتودەبیت یان بەپێ چەوانەوە دەبێت .

---

دەبێ سەرەتا ئەوە بزانین کەئەم شەڕو کێشمەکیشە سیاسی و دیبلۆماسی و ناوچەییە، شەڕوکێشمەکێشێکی درێژخانە، سەرباری هەر هەڵچون وداچونێك، هەر خاوی و هێوربونەوەیەك یان خێراکردن و ڕوولەسەربوونی، بەردەوام دەبێت تا یەکلابونەوەی دۆسیەی عێراق و پاشەکشەی یەکجاری ئەمریکا.

ڕاستیەیەکەی ئەوەیە تائێستا دیبلۆماسیەتی سەرکردایەتی بزوتنەوەی قەومی کورد لەم کێشمەکێشەدا سەرکەتوو نەبووە، بەپێچەوانەوە هەمووان پاشەکشەکەی دەبینین.

بەرەئی من سەرنەکەوتنیش بەر لەهەمووشت ئەوەیە، کە ئەم بزوتنەوەیە هیچ نەخشە یان ئاسۆیەکی نەخستۆتە بەردەمی خۆی، نەخشەی شەش مانگی داهااتووی خۆیان نییە، ئامادەییان بۆ ئەو ئاڵوگۆڕانەی بەڕێوەن نزیك بەسفرە. لەهەمموو ئەوانەش واوتر قڵشتی نێوان دەسەلاّت و جەماوەر بەشوێنێك گەیشتووە کە لەهەموو گۆشەو کەناریکی ئەم کوردستانەدا بەرجەستەیە. وەزعی ژیان وگوزەرانی خەڵکی کوردستان، لە پێش هەموویانەوە گرانی بازار کە لە دیکتاتۆریەتی بەعس و توکیا خەتەرناکترە بۆسەریان، لەگەڵ نەبوونی سەرەتاییترین خزمەتگوزاری وەکو ئاوو کارەبا و سوتەمەنی، نیشتەجیبوون، پێداویستی تەندروستی و خزمەتگوزاری کۆمەلاّیەتی و پەروەردەیی و تەرفیهی، لەپاڵ هەموو ئەم نەبوونیانەدا بەرینبونەوەی هەرچی زیاتر و ڕۆژبەڕۆژی فەسادی ئیداری و گەندەڵی و دزی ئاشکراو پێکهاتنی کەمایەتیەیەکی مشەخۆر کە ژیانی فیرعەونیان بنیات ناوە، لەپاڵ هێرشی هەموو ڕۆژەیان بۆ ئازادی سیاسی و ئازادی رۆژنامەگەری هەڵسورانی ئەحزابی ئۆپۆزیسۆن و ئێستاش هێرش بۆسەر ئۆپۆزیسۆنی وولاّتانی ناوچەکە لەپێشیانەوە بۆسەر ئۆپۆزیسیۆنی تورکی و دۆستەکانیان، ....تاد، لەپاڵ نەخشەی ناتەندروستی لکاندنەوەی دوبارەی کوردستان بە عێراقەوە، وبەستنەوەی چارەنووسی سیاسی خەڵکی کوردستان بە عێراق و باشتر بڵێم بە "ناوچەی سەوز"وە، نەگەڕانەوە بۆ ئیرادەو خواستی خەڵکی کوردستان......، ئەو قڵشتەیە کە لەنێوان دەسەلاّت و خەڵکدا قوڵترو قوڵتر دەبێتەوە، بێگومان دیبلۆماسیەتیش بە لەدەستدانی ئەم متمانەیە چی لێدەمێنێتەوە، دیبلۆماسیەت بەڕووتی و بێپشتیوانی جەماوەری و هێزی ئیرادەبەخۆ، بە شوێنێك ناگات.

ئاسۆی سەرکەوتنی دیبلۆماسیەتی سەرکردایەتی سیاسی بزوتنەوەی قەومی ئێستای کوردستان لەسەر مێزی گفتوگۆ نییە، بە پاشەکشە و پاشەکشە کردن نابێت، بە خۆبەستنەوە بە بەغداو مەرکەز مەیسەر نابێت، بە دەستەودامین بوونی ئەمریکاو وولاّتانی ناوچەکە ناڕواتە

پێشەوە، به ختابی ئاگرینی بێبنەما نابێت، بەهەڕەشەی لەفزی ناڕوات، بەڵكە بەلەهەموو شت بە گێڕانەوەی متمانە و ڕێزدانان بۆ ئیرادەو خۆاستەكانی خەڵك دەبێت. خەڵكێك نان و ئاوی پێویستی نەبێت، خزمەتگوزاری تەندروستی شوێنی نیشتەجێبوونی نەبێت، ئاوو كارەبا و سوتەمەنی نەبێت، گرانی دەستی خستبێتە بینەقاقای، دڵی بەچی خۆش بێت بۆ ئەوەی لەدەستی نەدات، و خۆی بكاتە قەلغان لەبەرامبەر هەڕەشەو لەشكركێشی دەرەكیدا. من لەزۆر كەسم بیستووە ئەڵێن چی ئەبێت با ببێت گرنگ ئەوەیە ئەم وەزعە بگۆڕێت، ئەمە نیشانەی ئەوپەری بێئومیدی خەڵكە لە هەلومەجەی تیایەتی. پەنجە ڕاوەشاندن و هەڕەشە بیٚ هێزی پشتیوان و متمانەی جەماوەری و ئامادەیی هەمەلایەنەو بینینی داهاتوو، خۆگیفكردنەوەیەكی ڕوكەش و بێبنەمایە.

نەك دیبلۆماسیەت بەڵكە چارەنووسی داهاتووی بزوتنەوەی ئێستای قەومی كورد هێندەی ڕوبەڕووی هەڕەشەی دەرەكییە هاوكات هێندەش لەناوخۆیدا ڕوبەڕووی نارەزایەتی جەماوەرییە. بۆیە دیبلۆماسیەت بیٚ پشتیوانی جەماوەری و هێزی ئامادەو ڕوانینی ڕۆشن بۆ داهاتوو، مەحكوم بەشكستە.

تێبینی :ئەم بابەتە لەڕۆژنامەی ئاڵادا بلاٚو كراوەتەوە

Asoahmad2004@yahoo.com
Lawa_0@hotmail.com